## جغرافيای تاريخی کردستان

ئەم کتێبە لە راستیدا سەبارەت بە "ئوستان"ی کوردستان نووسراوە و راستەوخۆ بۆکان ناگرێتەوە، بەڵام زانیاری سەبارەت بە ناوچەی بۆکان و کەسایەتییەکانی ناوچە، لە کتێبەکەدا کەم نین.

هۆکاریکی ئاشکرای مەسەلەکە پەیوەندی بەربڵاوی مێژوویی بۆکانە لەگەڵ سەقز وە ک بەشێک لە "ئوستان"ی کوردستان، و هۆیەکی تر ئەوەیە هە ند ێک لە گوندەکانی سەربە شاری سەقز (لە دیهستانی تورجان) دەگەنە نزیک شاری بۆکان و بۆ نموونە گوندی بۆگەبەسی لە بن گوێی بۆکان سەربە شاری سەقزە. هۆکاری سێهەم بێگومان پەیوەندی سروشتی نێوان هەردوو ناوچەکەیە بە رووبار و چیاکانەوە، ئەوانەش جیا لە پەیوەندی ئینسانی دانیشتوان و ئەو راستییەی کە گەلێک لە کەسایەتییە زانستی – مێژوویی – سیاسییەکانی هەر دوو شار و ناوچە، لە یەکیانەوە کۆچیان کردۆتە شوێنەکەی تر یا خود ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بە هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر و کەسایەتی سیاسییەوە لە نێوان هەردوو شارەکەدا دابەش کراوە و نووسەری کتێبەکە خۆی خەڵکی هەمان ناوچەیە.

بەگشتی، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی باشە بۆ مێژووی هاوچەرخی بۆکان و ناسینی کەسایەتیە ناودارەکانی، وەک سەردارەکان، قزڵجییەکان، و مەلا و خوێندەواری وەک نەمران مەلا هادی ئەفخەم زادە و مەلا سە عیدی حافیدی، و گەلێک کەسانی تر.

بەداخەوە ناوی کتێبەکە لەگەڵ ناوەرۆکیدا بە تەواوەتی یەک ناگرێتەوە و بابەتی ناو کتێبەکە، جوغرافیا و تاریخ هەیە، بەڵام *جوغرافیای تاریخی* نییە.

جەلال الدین شافعی کورد، "جوغرافیای تاریخی کوردستان"، ناشر: انتشارات نون والقلم، تهران، ١٣٧٨[١٩٩٩]، ١٠١٨ صفحه، فارسی